پارتی داوای دانیشتنێکی بێپێڵەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی هێرشەکەی سەر هەولێر دەکات

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، داوای دانیشتنێکی بێپێڵەی پەرلەمان بە تاوتوێکردنی هێرشە مووشەکییەکەی سەر هەولێر دەکات و دەڵێت، "بە هەموو لایەک روونبووەوە، ئامانجی ئێران تێکدانی سەقامگیری عێراق و کوردستانە".

ئەمە سەشەمە، 16-01-2024، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا "بە توندی" سەرکۆنەی هێرشە مووشەکییەکەی شەوی رابردووی سوپای پاسدرانی ئێران بەسەر هەولێر کرد و، داواش دەکات پەرلەمانی عێراق دانیشتنێکی بێپێڵە بە تاوتوێکردنی هێرشەکە ببەستێت.

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکات؛ رێی خۆی بگرێت لە سەرکۆنەکردن و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و، گرتنەبەری رێگەچارەی یاسایی و دیپلۆماسی بە وێنامدانەوەی "ئەم دوژمنکارییە". هاوکات داواش دەکات رێکاری پێویست بگرێتەبەر بە پاراستنی ئاسمانی عێراق لە مووشەک و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان لەرێگەی دانانی سیستەمی دژە مووشەک.

پارتی داوا لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەکات هاوهەڵوێست بن لە سەرکەنەکردنی ئەو هەڕەشە بەردەوامانەی دەکرێنە سەر هەولێر و ئاسایش و سەروەری عێراق پێشێل دەکەن. ئاماژە بەوەش کراوە، "بە هەموو لایەک روونبووەوە، ئامانجی هەڕەشەکانی ئێران، پێشێلکردنی سەروەری، تێکدانی ئاسایشی و سەقامگیری عێراق و هەرەمی کوردستانە و، هەوڵدانە بە تێقاندنی خەکەکەی".

فراکسیۆنەکە داواش لە کەمەگەی نەودەوەتیی و ئینجوومەنی ئاسایش دەکات هەوڵستەکی جددییان هەبێت بە ووبەووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران بە سەر عێراق و ناوچەکە بە گشتی و بە دەنگ نەمێنن.